## دکتۆر کامەران
## ڕەهبەری کەسایەتی وەرزشی نێودەوڵەتی

# ڤاڤی و کاکا و کەریم بنزیمە و ڤیکتۆر ڤاڵدیس دێنە هەولێر

**دکتۆر کامەران ڕەهبەری کەسایەتی وەرزشی نێودەوڵەتی تەمەن ٤٨ ساڵە و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری فیسلۆجیا و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ مامۆستای زانکۆی تاران بووە و ١٧ ساڵ یاریزانی هەڵبژاردەی ئێران بووە لە یاری تۆپی دەست و ١٠ ساڵ جێگری و ئەندامی یەکێتی تۆپی دەستی ئێران بووە و چەندین ساڵ ڕاوێژکار بووە لە وەزارەتی وەرزش لە ئێران و خاوەن ٢٠ کتێبی وەرزشیە و زیاتر لە ٢٠٠ کتێبی وەرزشی وەرگێڕاوە و ئەندامی لیژنەی پێشبڕکێیەکانی یەکێتی تۆپی دەستی جیهانە و چاودێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جیهانییە، ماوەیەکە هاتووتە کوردستان بە تایبەتی شاری هەولێر و لەم ماوە کورتدا توانیویەتی خزمەتێکی زۆری بواری وەرزش بکات، چ لە کردنەوەی چەندین خول بۆ ناوبژیوانان و ڕاهێنەران و ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لە سەرەتاسەری کوردستان و هەروەها چەندین پرۆژەی گرنگی لەبەر دەستدایە، بۆیە بە پێویستمانزانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی




*** کەی پێشانگەی وەرزشی نێودەوڵەتی لە هەولێر دەکرێتەوە؟**

- ئەم پێشانگایە لە ٢٠١١/١/٢٣ لە هەولێری پایتەخت دەکرێتەوە و تا ٢٨ی هەمان مانگ بەردەوام دەبێت، دەبێتە گەورەترین پێشانگەی وەرزشی نێودەوڵەتی کە بۆ یەکەمجارە لە کوردستان و عێراق ئەم جۆرە پێشانگایە بکرێتەوە، کە تیایدا گەورەترین کۆمپانیا جیهانییەکان بەشداری تیایدا دەکەن، چ لە بواری دروستکردنی یاریگە یاخود هۆڵ و جلوبەرگی وەرزشی....تاد. هەروەها چەندین کتێبی وەرزشی تیایدا نمایش دەکرێت کە تیایدا ٢٧٠ کۆمپانیای جیهانی لە ١٤٠ وڵات بەشداری ئەم پێشانگایە دەکەن، هەر لەم پێشانگایە هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە شوێنی تایبەتی خۆیان دەبێت و لە یانەی بەرشلۆنە هەریەکە لە یاریزانان ڤاڤی و پۆیۆڵ و ڤیکتۆر ڤاڵدیس دێنە هەولێر بۆ ئەوەی ١٠٠٠ درێسی یانەی بەرشلۆنە بەسەر هاندەرانی یانەکە لە شاری هەولێر دابەش بکەن و هەروەها لە یانەی ریال مەدرید هەریەکە لە جاڤی ئەلۆنسۆ و کاکا و کەریم بنزیمە دێنە هەولێر بە هەمان شێوە ١٠٠٠ درێسی یانەکە بەسەرە هاندەران دابەش دەکەن و هەروەها سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی و زیاتر لە ١٥ سەرۆکی یەکێتیە وەرزشییەکانی نێودەوڵەتی بەشداری لەم کۆنفرانسە دەکەن.

*** ئایا خۆت بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی ئاسیا پاڵێوراوە؟**

- وا بڕیارە لە ٢٠١١/٢/١٧ هەڵبژاردەکانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئاسیا ئەنجام بدرێت، من تاکە پاڵێوراوم بۆ پۆستی سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی ئاسیا و کەس رکابەرم نییە، ئەمەش دەستکەوتێکی گرنگە و دەتوانم خزمەتێکی زیاتری ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بکەم لە کوردستان.

*** پرۆژەی کردنەوەی ئەکادیمی وەرزشی لە هەولێر خەرجیەکەی چەندە و ئامانجەکەی چییە؟**

- ١٧ ساڵ پێش ئێستا بیرم لە کردنەوەی ئەم جۆرە ئەکادیمیە کردۆتەوە، بەڵام لە ئێران وەبەرهێنان زەحمەتە، بەڵام لە کوردستان لەم چەند ساڵە وەبەرهێنان پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، بۆیە بیرم لە کردنەوەی ئەکادیمیەکی وەرزشی لە شاری هەولێر کردەوە، ئەم ئەکادیمیە وەرزشیە لە چوار خاڵی گرنگ پێکهاتووە.

١- دەبێتە شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی وەرزش بۆ هەمووان، دەتوانن لەم ئەکادیمیە ئەو کەسانە بە پیادە بڕۆن، چونکە چوار دەوری ئەم ئەکادیمیە دەبێتە سەوزایی بە درێژایی ٥کم پێیدەڵێن شەقامی تەندروستی.

٢- شوێنی تایبەت بۆ پایسکیل سواری دروست دەکرێت.

٣- شوێنی چاکردنەوەی پێکانی یاریزانەکانی تیادا دەبێت، کە گەورەترین پزیشکەکانی ئەوروپا سەرپەرشتی دەکەن.

٤- یاریگە بۆ هەموو یارییەکانی تیایدا دروست دەکرێت بە شێوازێکی مۆدێرن و چەندین هۆتێلی مۆدێرن دروست دەکەین و کتێبخانەی تێدایە وچەندین شتی گرنگی تری تێدایە.

ئەم پرۆژەیە لە ماوەی ٤٠٠هکتار زەوی دروست دەکرێت و زیاتر لە ٤٠ تا ٥٠ پسپۆری وەرزشی لە ئەڵمانیا دێن

سەرپەرشتی ئەم ئەکادیمیە دەکەن، ئەم ئەکادیمیە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی هەولێر ببێتە پارێزگای وەرزشی لە کوردستان و عێراق و ئەم ئەکادیمیە لە ١٢ تا ٢٠ ملیۆن دۆلارم بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کردووە.

*** بە نیازیت پرۆژەیەکی تایبەت بە یاری تێنسی سەر زەوی لە هەولێر ئەنجام بدەیت، ئەم پرۆژەیە چۆنە؟**

- لەگەڵ سەرۆکی یەکێتی تێنسی سەر زەوی کوردستان وریا عەبدولخالق ئەگەر لە کارەکەی لای نەدەن رێکەوتم کە ١٧ یاریگەی تێنسی سەر زەوی لە هەولێر دروست بکەین لە ساڵی ٢٠١١ و هەروەها چوار راهێنەری سویسری و ئۆکرانی بێنە هەولێر بۆ ئەوەی چەند یاریزانێك پێ رابگەیەنین بۆ ئەوەی ئاستی یاری تێنسی سەر زەوی لە کوردستان پێشبکەوێت.

*** کەی دەزگا راگەیاندنەکە دەکرێتەوە؟**

- دەزگای (k sport) کە دەزگایەکی تایبەتە بە وەرزش لە کەناڵێکی ئاسمانی وەرزشی و ویب سایتێکی وەرزشی و رۆژنامەیەکی رۆژانەی وەرزشی و رادیۆیەکی تایبەت بە وەرزش پێکهاتووە رەنگە لە ١/٢٠ و ٢/٢٠ و ٣/٢٠ و ٧/٢٠ بەشەکانی ئەم دەزگایە بەفەرمی بکرێتەوە و مافی گواستنەوەی زۆربەی پاڵەوانیەتیەکانی جیهانم وەرگرتووە بەبێ بەرانبەر، هەورەها لەگەڵ کردنەوەی ئەم پرۆژەیە پەیمانگایەکی وەرزشی بۆ رۆژنامەنووسان دەکەمەوە و هەروەها زانکۆیەکی وەرزشیش دەکەمەوە و دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و پشتگیری لەم پرۆژەیە بکات.

*** لەگەڵ هاتنت بۆ کوردستان چەندین کێشەت بۆ دروست بوو، هۆکارەکەی بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەند کەسانێك داوایان لێکردم پرۆژەی تایبەتی ئەوان جێبەجێ بکەم، ئەگەر ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکەم ئەوە هەموو حکومەت و شتێکم دەکەوێتە ژێر دەستی خۆم، بەڵام من رازی نەبووم ئەم پرۆژانە جێبەجێ بکەم، بۆیە ئەوان دژایەتی کەسیم دەکەن و لەگەڵ دوو گەورەترین کەسایەتی و بەرپرسی وەرزشی کوردستان کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە، ئەوان پێیان راگەیاندم کە دەتوانم کارەکانی خۆم بە ئازادی لە کوردستان ئەنجام بدەم، رێز لە لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان دەگرم دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم، کە نیازم نییە جێگەی کەس بگرمەوە، هەر لێرەوە بە یەکێتیە وەرزشییەکان رادەگەینم، کە ئامادەم یارمەتی هەموو یەکێتیە وەرزشییەکانی کوردستان بکەم، گەر داوام لێبکەن، دوو کەس لە کوردستان رەخنە لە کارەکانی من دەگرن، یەکێکیان لە ژێرەوە کار دەکات و ئەوەی تریان بە ئاشکرا کار دەکات. یەکێکیان لە شاری سلێمانیە و ئەوەی تریان لە شاری هەولێرە، ئەم دوو کەسە حەز دەکەن هەموو کارەکانی وەرزش لە رێگەی ئەوانەوە ئەنجام بدرێت، ئەمەش شتێکی زەحمەتە، ئەم دوو کەسە هەڕەشیان لە چەندین کەسایەتی وەرزشی کوردستان کردەووە ئەگەر سەردانی من بکەن ئەوە لە شوێنەکانیان نامێنن.

*** تا چەند بە رەخنەگرتن نیگەران دەبیت؟**

- بە رەخنەگرتنی رۆژنامەنووسان نیگەران نابم، بەڵام بە داخەوە رۆژنامەنووسانی وەرزشی ناتوانن رەخنەگرتنی کەسایەتی لەگەڵ رەخنەگرتنی لە کار جیاواز بکەنەوە، ئەوانەی رەخنە لە من دەگرن نازان مەبەستیان لەم رەخنەیە چییە، چونکە هەندێکیان هیچ بەرژەوەندیان لە لام نییە، بۆیە رەخنەم لێدەگرن. رەخنە گرتن ئەوەیە من کارێکی هەڵە بکەم تۆ بەم رەخنەیە راستم بکەیتەوە، زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە رەخنەیان لە من گرتووە گلەییان لێناکەم، حەز دەکەم ئەوەش رابگەیەنم کە ئەرسەلان عەبدوڵڵا یەکێکە لە باشترین رۆژنامەنووسانی ئاسیا.

*** زۆرجار رەخنە لە لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی دەگرن، کە لە کۆمپانیایەکی تۆ کارەکانیان بەڕێوە دەبەن، تا چەند ئەمە راستە؟**

- حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە، ئەو کەسانەی کە لە لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشین کارەکانی خۆیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان ئەنجام دەدەن، کە دێنە کۆمپانیای پارسیان ئەوە کارمەندی منن، واتە هیچ پێوەندییەکیان بە کارەکانی لیژنەی رۆژنامەنووسان نییە، چونکە مافی خۆیانە دوای کاری فەرمی خۆیان لە کۆمپانیە کار بکەن، بۆیە دەبێت ئەو کەسانە کە رەخنە دەگرن ئەم شتە جیاواز بکەنەوە.

*** بۆچی تا ئێستا نەبوویتە سپۆنسەری یەکێك لە یانەکان یاخود یەکێتیە وەرزشییەکان؟**

- تا ئێستا کەس داوای لێنەکردووم ببمە سپۆنسەری یانەکانیان جگە لە یانەیەك نەبێت و هەروەها پشتگیری لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم دوای تەواوی بوونی یارییەکانی قۆناغی یەکەمی خولی کوردستان دووبارە چەندین راهێنەر و ناوبژیوانی بە توانا لە ئێران دێنە کوردستان بۆ ئەوەی خولی تایبەت بکەنەوە و هەروەها ٥ قوتابخانەی تایبەت بە بواری تۆپی پێی لە کوردستان دەکەمەوە بەسەرپەرشتی راهێنەرانی بەتوانا لەسەر ئاستی جیهان و ئێستا خولی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان لە پێشبڕکێی تۆتۆ بێت، کە ئەمە پێشبرکێکی جیهانییە و لە بەرنامەم دایە باشترین یاریزانی کوردستان بۆ تۆپی پێ خەڵات بکەم و هەروەها هەردوو تیپی باڵە و باسکەی یانەی ئەکاد دەبەمە ئێران بۆ کردنەوەی ئۆردوگای مەشقی و دوو یاریزانی پیشەگەری بۆ یانەی ئەکاد دەهێنم لە یاری باسکە و چوار راهێنەری بە توانا لە یاری باسکە و باڵە دەهێنمە کوردستان بۆ ئەوەی قوتابخانەی تایبەت بکەنەوە و هەروەها هۆڵی یانەی ئەکاد نۆژن دەکەمەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- حەز دەکەم ئەوەم پێ رابگەیەنن کە هەڵەی من چییە، زۆر سوپاسی پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی دەکەم، کە پاڵپشتێکی بەهێزم بووە و سوپاسی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی وەرزشی فەرهاد عەونی دەکەم و سوپاسی ئەندامانی لیژنەی رۆژنامەنووسی وەرزشی کوردستان دەکەم و سوپاسی سەفین کانەبی و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و ئەندامانی لیژنەی وەرزشی پەرلەمانی کوردستان و گشت رۆژنامەنووسانی وەرزشی دەکەم و زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە حەز ناکەن ناویان بهێنم زۆر هاوکارم بووینە و دەرگام بۆ هەموو کەسێك کراوەتەوە بۆ خزمەتکردنی وەرزشی کوردستان و لە ماوەیەکی نزیکدا لە شارەکانی دهۆك و کەرکوك و گەرمیان رێزلێنان ئەنجام دەدەین و داوا لە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەکەم کە چاوی بە وەرزشوانە دێرینەکان بکەوێت و بایەخ بە وەرزش بدات، چونکە جەنابیان حەزی لە وەرزشە.





## خێزانی ڤان دێر ڤارت تووشی شێرپەنجە بووە

ئەستێرەی تۆپی پێی هەڵبژاردەی هۆڵەندە و یانەی تۆتنهام ڤان دێر ڤارت هەواڵێکی ناخۆشی پێگەیشت کاتێك خێزانەکەی سلیفی تەمەن ٣٢ پشکنینی ئەنجامدا لەم پشکنینە ئاشکرا بوو، کە تووشی شێرپەنجە بووە، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت چارەسەری کیمیایی ئەنجام بدات بۆ ئەوەی چاك بێتەوە.
لە لێدوانێکی دا سلیلفی ڤارت بۆ رۆژنامەی صەندای میرور وتی: ئەمە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو.

## پیت سامپراس خەڵاتەکانی دۆزیەوە

دوای ئەوەی دوو هەفتە پێش ئێستا گشت خەڵاتەکانی ئەستێرەی پێشووی تێنسی سەر زەوی پیت سامپراس دزرا، هەفتەی رابردوو پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس هەواڵێکی خۆشی بەخشیە پیت سامپراس دوای ئەوەی زۆربەی خەڵاتەکانی یاریزانی ناوبراوی دۆزیوە.
پۆلیسی لۆس ئەنجلۆس لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە کەسێکی نادیار پێوەندی پێوە کردون و پێی راگەیاندون کە زۆربەی خەڵاتەکانی ئەستێرەی تێنسی سەر زەوی پیت سامپراس لە یەکێك لە پارکەکان شاردراوەتەوە، ئەوانیش راستەوخۆ سەردانی ئەم پارکەیان کرد و زۆربەی خەڵاتەکانیان دۆزیەوە.



## ئەبوندانزێری وازی لە یاریکردن هێنا



گۆڵچی بەناوبانگی ئەرژەنتین رۆبێرتۆ ئەبوندانزێری بڕیاریدا بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت، دوای ئەوەی لە گێمی دووەمی یاری نێوان ئەنتەرناسیونالی بەڕازیلی و سیونگنامی کۆریای باشوور لە یاری پلەی سێیەم و چوارەمی جامی جیهانی یانەکان بەشداری کرد. ئەبوندانزێری تەمەن ٣٩ ساڵ لە ریزی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و یانەکانی بۆکاجۆنیۆر و خیتافی و ئەنتەرناسیۆنالی بەڕازیلی یاریکردووە.
ئەبوندانزێری لە درێژایی ژیانی وەرزشی ١٧ نازناوی بە دەستهێناوە، کە ١٤ نازناوی لەگەڵ یانەی بۆکا جۆنیۆر بووە و لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەشداری لە جامی کیشوەرەکانی ٢٠٠٥ و جامی جیهانی ٢٠٠٦ کردووە.

# سەرکەوتووترین ١٠ گرێبەست لە خولی ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠١٠

دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لە ساڵی ٢٠١٠ کرد، بە پێویستمان زانی سەرکەوتووترین ١٠ گرێبەست لە خولی ئیتاڵیا بۆ ساڵی ٢٠١٠ ئاماژە پێ بدەین، کە ئەم ١٠ یاریزانە دوای چوونیان بۆ یانە نوێیەکان ئاستێکی بەرزیان نیشانداوە و بوونەتە جێگەی سەرنج و دەستخۆشی جەماوەری وەرزشی، کە بەمشێوەیە.

١- کیڤن پریس بواتینگ (گانا): لە یانەی بۆرتسمۆسی ئینگلیزی چووە ریزی یانەی جەنەوا ئیتاڵی دواتر لە یانەی جەنەوا بە شێوەیەکی خواستن بە بڕی (١,٥٠٠) ملیۆن یۆرۆ چووە ریزی یانەی ئەی سی میلان ئیتاڵی و تا ئێستا لەگەڵ یانەی میلان ١٥ یاری ئەنجامداوە و ٢ گۆڵی تۆمارکردووە.

٢- مارکۆ ستۆراری گۆڵچی هەڵبژاردەی یۆنان: ئەم گۆڵچیە لە ریزی یانەی ئەی سی میلان چووە ریزی یانەی یۆڤانتس بە بڕی (٤,٥٠٠) ملیۆن یۆرۆ و تا ئێستا ١٢ یاری ئەنجامداوە.

٣- داڤید موسکاردیلی (ئیتاڵیا): ئەم یاریزانە لە ریزی یانەی بیاچێنزا بە شێوەیەکی ئازاد چووە ریزی یانەی کییڤۆ ڤێرۆنا و تا ئێستا ٧ یاری ئەنجامداوە و ٤ گۆڵی تۆمارکردووە.

٤- مارکۆ بۆرییلۆ (ئیتاڵیا): ئەم یاریزانە بە شێوەیەکی خواستن لە یانەی ئەی سی میلان چووە ریزی یانەی رۆما و تا ئێستا ١٧ یاری ئەنجامداوە و ٧ گۆڵی تۆمارکردووە.

٥- فابیۆ کوالیاریلا (ئیتاڵیا): ئەم یاریزانە لە یانەی ناپۆلی بە شێوەیەکی خواستن بە بڕی (٤,٥٠٠) ملیۆن یۆرۆ چووە ریزی یانەی یۆڤانتس و تا ئێستا ١٦ یاری ئەنجامداوە و ٩ گۆڵی تۆمارکردووە.

٦- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (سوید): ئەم یاریزانە لە ریزی یانەی بەرشلۆنە بە شێوەیەکی خواستراو چووە یانەی ئەی سی میلان دواتر یانەی ناوبراو بە بڕی ٢٥ ملیۆن یۆرۆ ئەم یاریزانە دەکڕێت و تا ئێستا ١٦ یاری ئەنجامداوە و ٩ گۆڵی تۆمارکردووە.


٧- میلۆس کراسیچ (چیك): ئەم یاریزانە لە ریزی یانەی سیسکا مۆسکۆی رووسی چووە ریزی یانەی یوڤانتس بە بڕی ١٥ ملیۆن یۆرۆ و (١٣) یاری ئەنجامداوە و ٥ گۆڵی تۆمارکردووە.

٨- ئەندرسۆن هێرنانێس (بەرازیل): ئەم یاریزانە لە یانەی ساوپاولۆ چووە ریزی یانەی لازیۆ بە بڕی (١٣,٥) ملیۆن یۆرۆ و تا ئێستا ١٦ یاری ئەنجامداوە و ٤ گۆڵی تۆمارکردووە.

٩- ئەدینسۆن کاڤانی (ئۆرگوای): ئەم یاریزانە لە ریزی یانەی پالێرمۆ چووە ریزی یانەی ناپۆلی بە بڕی ١٧ ملیۆن یۆرۆ و تا ئێستا گۆڵکاری خولی ئیتاڵیایە بە تۆمارکردنی ١٠ گۆڵ.

١٠- یوزیپ ئیلیچ (سلۆڤینیا): ئەم یاریزانە لە ریزی مایبۆر چووە یانەی پالێرمۆ بە بڕی ٨٠٠ هەزار یۆرۆ و تا ئێستا ١٦ یاری ئەنجامداوە و ٧ گۆڵی تۆمارکردووە.






## نیشا یۆنان یاریزانی باڵەی یانەی ئەكاد

# پێویستە گرنگی بە یاریزانانی تەمەن بچووك بدرێت




**یەكێك لە یاریزانە بەتواناكانی یاری باڵە لەسـەر ئاسـتی كوردستان و عێراق ماوەی چەند ساڵێكە لە ریزی ئەكاد یاری دەكات، لە خولەكانی كوردستان وعێراق بە ئاسـتە بەرزەكەی توانی سـەرنجی زۆربـەی هەوادارانی یاری باڵە بۆخۆی رابكێشـێ، ناوبراو لە دایكبووی ساڵی١٩٨٩ی شارۆچكەی عەنكاوەیە لە هەمانكاتیشدا قوتابی كۆلیژی زمانە بەشـی زامانی ئینگلیزی لە زانكۆی سەلاحەدین ئێمەش لە نزیكەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا .**

*** ئاستی یاری باڵە لە كوردستان لە چ ئاستێكە؟**

-ئێستا ئاستی یاری باڵە لەلایەن یانەكانی كوردستان گرنگی باشی پێ دەدرێت،لەگشت روویەك،پێویستە پشـتگیری بەردەوام بێت بۆبەرەو پێشـچوونی ئەم یارییە.

*** بۆبەرەو پێشـچوونی یاری باڵە لەكوردسـتان چی بكرێت باشە؟**

-پێویستە گرنگی بە یاریزانانی تەمەن بچووك وكردنەوەی هۆڵی تایبەت بە یـاری باڵە بدرێت،لەگەڵ ئەنجامدانی مەشـقی بەردەوام، سەفەركردنی یاریزانان لە پاڵەوانەتی دەرەوەی عێراق.

***بە بۆچوونی تۆ بۆچی كچان كەم بەشداری وەرزش دەكەن؟**

- ئەو هۆكارە بۆكۆمەڵگە دەگەڕێتەوە،بە چاوێكی باش سـەیری ئافرەتی وەرزشوان ناكرێت، رەنگە ئەوەش هۆكاربێت بۆئەوەی كچان لەوەرزشكردن دووربكەونەوە.

***جەنابت قوتابی كۆلیژی،وەرزش كردنت رێگرنییە لە خوێندنت؟**

-نەخێرمـــن كاتی خۆم دابەشـــكردووە بۆهەردوو بەش، وەرزشـــیش دەكەم،خوێندنیش دەكەم.

***بە بۆچوونی تۆ خولی كوردستان چۆن بێت باشە؟**

-ئەگەر شـێوازی خولی لێ بێت،باشترە بۆئەوەی ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا دروست بێت،لەم یارە.

***هیواوئاواتت چییە لە وەرزشكردنت؟**

-هیوام ئەوەبوو كەواخولی عێراقی بەدەست بهێنین،ئەو هیوایەشم هاتە دێ، هیوام ئەوەیە بتوانم ببمە باشترین یاریزانی عێراقی.

***كێشەوگرفتان چییە لەم یارییە؟**

-هیچ كێشیەكمان نییە لە یانەكە،چونكە پشتگیرییەكی باشمان دەكەن.

***چی بەو كەسانە دەڵێی كە رێگری لە ئافرەتی وەرزشكار دەگرن؟**

- هیواخـــوازم بتوانن ئەوانیش بەخۆداچوونەوە بكەن،بۆئـــەوەی رۆڵەكانیان لە وەرزش بێ بەش نەكەن،چونكە وەرزش بەشێكی گرنگە.

***لە هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت نەكراوی؟**

-بەلێ داواكراوم.

# دەستنیشانکردنی ٢٣ یاریزانی لاو بۆ وەرگرتنی باشترین یاریزانی ساڵی ٢٠١٠

یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ٢٣ یاریزانی لاوی دەستنیشانکرد بۆ ئەوەی رەکابەری لەسەر بە دەستهێنانی باشترین یاریزانی لاو بۆ ساڵی ٢٠١٠ بکەن دوای ئەوەی ئەم یاریزانانە ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد لەگەڵ یانەکانیان و هەروەها لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکانیان، یاریزانەکانیش بریتین لە:

١- سێرجیو کانالیس (ئیسپانیا)
٢- مۆنیاین (ئیسپانیا)
٣- نیمار (بەرازیل)
٤- لۆکاس (بەرازیل)
٥- کۆتینۆ (بەرازیل)
٦- یانۆس ئانانیدزە (جۆرجیا)
٧- سێرجیۆ ئەگوێرۆ (ئەرژەنتین)
٨- بابکار خۆما (سەنیگال)
٩- لۆك کاستیگنۆس (هۆڵەندە)
١٠- کریستیان ئۆکسین (دانیمارك)
١١- ماریۆ گۆتزە (ئەڵمانیا)
١٢- ئدین هازارد (بەلژیکا)
١٣- مارکۆس هنریکسن (نەرویج)
١٤- گێل کاکۆتا ( فەرەنسا)
١٥- ئۆك لامیلا (ئەرژەنتین)
١٦- رۆمێلۆ لوکاکۆ (بەلژیکا)
١٧- خواو رییس (پورتوگال)
١٨- جێمس رۆدریگیز (کۆلۆمبیا)
١٩- جاك رۆدۆیل (ئینگلتەرە)
٢٠- زارادان شڤێری ( سویسرا)
٢١- سۆن هوانگ مین (کۆریای باشوور)
٢٢- یانس تاڤێر (فەرەنسا)
٢٣- جاك ویلشایر (ئینگلتەرە).





